
# مۆدەی کراسە کورتەکان



چەندین مۆدەی جوان و تایبەتی کراس هەن، بە جۆرێك دەبێتە جێگەی سەرەنجراکێشان و رازاندنەوەی جەستە و شێوەی خانمان، چونکە جوانی کراس لە رازانەوە و شێوازەکەیەتی، بۆیە دەبێت بە جوانترین شێواز رازاوە و کراوە بێت. ئەو کراسانەی جێگەی سەرەنجراکێشان و کراوەییان پێوە دیارە زیاتر لە جوانی نەخشەکانیان دەردەکەوێت.

ئەو چەند مۆدەیە بریتییە لە کراسی کورت، شێوازێکی جوان و تایبەتی هەیە، هەروەها دەکرێت بۆ چەندین بۆنە و کاتەکان بپۆشرێت، هەروەها بە کراسی شەوانە و مۆدەکانی ماڵ دادەنرێت. جوانی ئەو جۆرە کراسە بریتییە لە کورتی و شێوازە بە نەخشەکان، لەگەڵ بوونی پەڕپەڕە و کراوەیی لە کراسەکەدا.




# بە ئێکسسوارەکان رازاوەتر دەبێت



ئێکسسوارەکان زیاتر خانمان رازاوەتر و جوانتر دەکەن، ئەوەیە راوبۆچوونی پسپۆرانی بواری جوانکاری دەربارەی ئێکسسوار و کاریگەرییان لەسەر خانمان. جوانی ئێکسسوار پابەندە بە جوانی ئەو ئێکسسوارانەی دەپۆشرێن و بە جۆرێك لەگەڵ جوانی جەستەی خانمان دەگونجێن، یەکێك لەو ئێکسسوارە ناسکانە بریتییە لە ئێکسسواری (ملوانکە).

یەکێك لە مۆدە جوانەکان، بریتییە لە مۆدەی (نونا) بە جوانترین مۆدەکانی ئێکسسواری ملوانکە دادەنرێ و شێوازێکی ناسك لە خۆ دەگرێت. تەنانەت لەگەڵ گشت جۆرە جلێك دەپۆشرێت و جوانییەکی گەورە بە مل دەدات. جوانی ئەو مۆدانە تەنیا ملوانکە نییە، لەگەڵ چەندین ئێکسسواری دیکە وەك : ئەڵقە – گوارە – بازنگ، پێکهاتووە و خانمان زیاتر رازاوە دەکات.

# ماکیاژکردن و هێڵکاری لێو



یەکێك لە کارەکانی خانمان، بریتییە لە گرنگی دان بە جوانی و ناسکی لێو، لەگەڵ دانانی چەندین ماکیاژ و کاری هێلکاری، بەمەش خانمان دەتوانن کاری بۆ بکەن، تاوەکو لە نزیکەوە لێوەکان بە جوانترین شێواز رازاوەتر و جوانتر بێت. یەکێك لەو سیفەتە جوانانەی لێو، بریتییە لە مانەوە و تێکنەچوونی بۆیە و ماکیاژ و رەنگی لێو.


یەکێك لە لایەنە گرنگەکانی دانانی ماکیاژ و بۆیەی لێو، دەبێ سەرەتا بە جوانی پاك بکرێتەوە و ئینجا بۆیەکی تەڕکردن یان نەرمکردن لە لێو بدرێت، دواتر ئەو رەنگەی هەڵبژێردراوە لە لێو بدرێت. دواتریش دەبێ پارێزگاری لە رەنگی لێو بکرێت، کاری هێلکاری کە بە گرنگترین هەنگاوەکانی جوانی لێ، دادەنرێت.

# بۆدی و فانیلا
# لە مۆدە ناسکەکانی ئەمساڵدا



کراسە ناسکەکان، یان ئەو بۆدی و فانیلانەی بۆ خانمان تەرخان کراون و شێوازێکی جوان لە خۆ دەگرن، بەمەش دەبێت گرنگی بە جوانی و گونجاندنی لەگەڵ جەستەی خانمان بگونجێت، لێرەدا جوانترین پۆشاك دەبێتە ئەو مۆدەیە لە (بۆدی و فانیلە) بۆ خانمان و کچان.
جوانی ئەو جۆرە کراسە لە شێوازی نەخشی کراسەکەیە، ئەویش لە جوانی بێقۆڵی و بوونی نەخشی پەڕپەڕ لەسەر سینگ و قۆڵەکانی. سەبارەت بە ڕەنگی ئەو کراسانە، گرنگ نییە لە هەر ڕەنگێگ بێت، زیاتر لەگەڵ ئەو ڕەنگ کراوانەی بۆ وەرزی هاوین دەگونجێن ئەوانیش بریتیین لە: ڕەش—سەوز — پەمەیی—سوور—زەرد.
لەگەڵ ئەوەی مەرجێکی دیکەش لەم جۆرە کراسە هەیە ئەویش ئەوەیە، دەبێ کراسەکە درێژ نەبێت و تاوەکو سەر ناوقەد بێت، بەڵام هەمان مۆدەی لەم جۆرە بۆدییە ئەگەر درێژ بێت، دەبێتە کراس !







## تەسریحەیەکی نوێ

دەبێ خانمان لەسەرەتای بیرکردنەوەیان بیر لە جوانی و ڕازانەوەی قژەکانیان بکەنەوە، لە جوانی قژیش دەبێ گرنگی بە تەسریحەکان بدەن. جوانی قژ پابەندە بە جوانی تەسریحە، بە جۆرێك تەسریحەکان زۆرن و دەتوانن هەر یەکە جوانییەکی گەورە بە قژی خانمان بدات.
دەبێ تەسریحەکان بە جوانترین و ناسکترین شێواز دەرکەوێت و ڕێگەی جوانکاری و ئامادەکاری یەکێك دەبێت لە هەنگاوە گرنگەکانی ڕازانەوەی قژ.
یەکێك لەو مۆدانە بریتییە لە تەسریحەی سادە لە پێشەوە و بوونی نەخش لە دواوەی قژ یان سەری خانمان، بەمەش شێوازێکی سەرەنجراکێش لە دواوە دروست دەکات و شێوازی پێشەوەش بە ناسکترین دیمەن دەردەکەوێت.







# مۆدە
# سەیرەکانی نینۆکی قاچ

مۆدەکانی نینوك بە چەندین شێواز دەردەکەوێت و زیاتریش لە نینۆکەکانی دەست دەردەکەوێت، کەچی بەم دواییە مۆدەیەکی سەیر دەرکەوتووە ئەویش درێژ کردنی نینۆکەکانی پەنجەی قاچە، ئەمەش بۆ ئەوەی جێگەی سەرەنجراکێشان و کارێکی سەیر بێت بۆ نازناو و یان شتێکی وا جێگەی سەرەنج بێت. ئەمەش مۆدەیەکی تازەیە لە مۆدەکانی نینۆك، سەرەتای مۆدەکەش لە وڵاتی ئەمەریکا پەیدابووە و رەنگە ماوەیەکی دیکەش بگات بە وڵاتی ئێمەش. لەگەڵ ئەوەی دیمەنێکی سەیرە، کەچی قیزەوەنیشی پێوە دیارە ئەمەش بەهۆی ئەوەی نینۆکی قاچەکان سەرچاوەیەکە بۆ نەخۆشی و کۆکردنەوەی میکرۆب و ڤایرۆس.

## تا ئێستاش مرۆڤ بەرد باران دەکرێت



یەکێك لە حاڵەتە ترسناکەکان بریتییە لە ئازاردانی مرۆڤ بە شێوەیەکی دوور لە مرۆڤایەتی، لە یەکێك لە یاساکان ئەوەیە، ئەو کەسەی کاری سێکسی بە شێوەیەکی ناحەلاڵی بکات، دەبێت بەرد باران بکرێت کە بە (رجم) ناسراوە. وا پێدەچێت ئەو یاسایە لە چەند وڵاتێك بسەپێنرێت و کاری پێبکرێت. ئەوەی دەیبینن دیمەنێکی ئەو کارەیە لە وڵاتی (ئیمارات)، لەلایەن دادگای وڵاتی ئیمارات بە رەجم کردنی دادوەر (ئەحمەد زوری ) بۆ ئەو خانمە کارکەرەی ماڵان کە ئافرەتێکی موسڵمان و خەڵکی ئاسیایە دەرکرد، بەڵام دواتر بریارەکە گۆڕا بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە لەو وڵاتە نەمێنێت. ئەوەی دەیبینن دیمەنێکە لە وڵاتی ئەفغانستان وەرگیراوە بۆ ئەو پیاوەی ئەم کارەی کردووە و دیمەنەکەش راستەقینەیە، لە وێنە بچووکەکەش وێنەی ئافرەتێکە بەرد باران کراوە و لە چاڵێکیدا مردووە!

## پێڵاوێک لە موو

کەرەستە جوان و سەیرکان بە جوانترین شێواز دەردەکەون، جێگەی سەرسوڕمان و سەرەنجراکێشی گشت خەڵکێکە، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لەو کەرەستانەی بە جۆرێك دەبێتە جوانترین کەرەستە لە ماددەیەك دروست کرابێت جێگەی سەمەرەیی گشت خەڵکێك بێت. ئەمەش بریتییە لە پێلاوێکی ئافرەتان. ئەو پێڵاوە لە پێست و ماددە دروست نەکراوە، ئەو ماددەیەی لێوەی دروست کراوە بریتییە لە مووی قژی سەری مرۆڤ. شتێکی مەحاڵە، بەڵام توانراوە ئەنجامی بدەن و سەبارەت بەوەی موو دەپچڕێت،بۆیە ماددەیەکیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی مووەکە بەهێز بکات و نەپچڕێت، وەکو دەیبینن پێڵاوێکی سەیر و جوانە!










# جەستەیەکی بەموو بەرەو سپی بوون

ماوەیەك بەر لە ئێستا باسی ئەو گەنجەمان بۆ کردن کە سەرتاپای جەستەی لە موو داپۆشراوە، لە تازەترین هەواڵ دەربارەی ئەم پیاوە ئێستا بۆتە پیاوێك و، وەکو جاران گەنج نەماوە، لەگەڵ ئەوەی هیچ چارەسەرێکی بۆ نەکراوە، هەروەها زۆری مووەکانی رووخسار و جەستەی بەرەو سپی بوون چووە.

ئەوەی دەیبینن ئەم پیاوەیە تەمەنی ئێستای گەیشتۆتە نزیکەی (٢٨) ساڵ، وەکو نەخۆشییەك مووی لە گشت شوێنێکی جەستە دەردەچێت، ئێستاش پیر بوونە و مووی جەستەی بەرەو سپی بوون دەچێت.

# کارێک بە (٣) قاچ دەژی

ئەوەی دەیبینن کارێکی سادەیە، وەکو هەر گیاندارێکی دیکەی لەگەڵ خۆی دەژییێت و بەبێ ئەوەی شتێکی زیادی هەبێت، بەڵام ئەوەی سەیر بێت شتێکی کەمترە لە گیاندارەکانی هاوشێوەی خۆی، لە وڵاتی کەنەدا ئەم کارەیان دۆزیوەتەوە و ئەگەر بە وردی سەیری بکەن، دەبینن قاچێکی



پێشەوەی نییە. هەر کارێك یان ئەو گیاندارە (٤) قاچی هەیە، کەچی ئەو کارە (٣) هەیە و دەتوانێت بە ئاسانی جووڵە بکات و بڕوات. ئەوەی دەیبینن دیمەنی ئەو کارەیە بە سێ قاچ وەستاوە و، تەنیا ناتوانێت وەك کارەکانی دیکە ڕا بکات، ئەمەش بەهۆی نەبوونی ئەو قاچەیە.







# نیو مرۆڤێە و دڵی خۆشە بە ژیان

(یۆهان کلینگ ) یەکێکە لەو مرۆڤانەی وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی لە دایك بووە، کەچی ئێستا جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەگەڵ هەر مرۆڤێکی ئاسایی، تەنانەت بە نیو مرۆڤ دەناسرێت. وەکو لە وێنەکەدا دەبینن نیوەی خوارەوەی نییە و، تەنانەت وەکو مرۆڤێك دەژییێت. ئەمەش ئەو هاوڵاتییە ژاپۆنییەیە، لە منداڵی بەبێ کێشە بووە و دوای ئەوەی بە بەر ماکینەی دار بڕین کەوتووە، بەهۆی زۆری برینەکەی بەشی خوارەوەی جەستەی لێکراوەتەوە بۆ ئەوەی لە مردن رزگاری ببێت، وەك دەبینن تەنیا بەشی سەرەوەی جەستەی هەیە و دەژییێت و دڵی خۆشە بە ژیان.









# کەرەستەی جوان لە داری خورما

بەهرە سەیرەکان دەبێ کاری گرنگی دان و پاداشت کردنی بۆ بکرێت، وەکو ئەوەی دەیبینن جوانترین چەند شێوەیەکی جوان و تایبەتە، لەلایەن هونەرمەندێکی بەناوبانگ لە وڵاتی مالیزیا دروست کراوە. ئەوەی سەیر بێت شێوەکان وەك راستەقینە دەردەکەوێت و بەبێ نکۆڵی کردن بە کەرەستەی سەرەنجراکێش و جوان دادەنرێن.

کەرەستەکان لە داری خورما دروست کراوە، ئەوەی لەلای خۆمان بۆ عەسیری ناوماڵ، یان بۆ شتی دیکە بەکاردەهێنرێت. (ناویتۆن ئەلمیرا) ئەو هونەرمەندەیە توانی چەندها شێوەی جوان و ناسك لە داری خورما، ئەویش وەك دارێکی وشك دەشکێت یان بە ئاسانی ناچەمێتەوە.

## لووتی ئافرەتێک وەک لوولەی تفەنگە



ئەمە لووتێکی راستەقینەیە و بەبێ ئەوەی کاری جوانکاری یان نەشتەرگەی بۆ بکرێت، لە منداڵیەوە بەم شێوەیە دەرچووە، وەك کارێکی سرووشت دەرکەوتووە و تا ئێستاش ئەم ئافرەتە بە تەمەن و خۆڕاگرەی خاوەن سەیرترین لووت، کاری جوانکردن و یان نەشتەرگەری بۆ نەکردووە.

لووتی (مایماخ کویل) یەکێکە لە ئافرەتە ناوبانگەکانی وڵاتی (کینیا)، لە باکووری ئەو وڵاتە دەژییێت و لووتی لە شێوەی دوو بۆڕی یان دوو ستوون وایە، تا ئێستاش لە لووتی خۆی رازییە و وادەزانێت شتێکی پیرۆزە ئەگەر لووتی بەم شێوەیە دەرکەوتووە. تەمەنی ئێستای ئەو ئافرەتە (٦٤) ساڵە و لووتە سەیرەکانیشی لەم تەمەنە هەڵگرتووە بەبێ دەستکاری!




# کوڕە بچووکەکەی جیهان

دوای ئەوەی بچووکترین کچ یان مرۆڤی جیهانمان نیشان دا، ئەویش لە وڵاتی هیندستان بوو، بەڵام ئەمجارەیان پێچەوانەی رەگەزی ئەم کچە نیشان دەدەین، ئەویش بریتییە لەم کوڕە بچووکەی لە هەمان وڵات دەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەی ئەو کوڕە خزمێکی نزیکەی بچووکترین پیاوی جیهانە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە مرۆڤە بچووکەکانی داهاتوو. (کرمی شیهان)، ئەو کوڕە تەمەن (١٥) ساڵەیە، وەك گەنجێك دێتە بەرچاو بە تەمەن و ناو، کەچی وەك شێوە لە شێوەی منداڵێکی بچووك دەچێت و بە سادەیی دەردەکەوێت، ئەوەندەی بوتڵێکی خواردنەوەی گازییەکانی کۆلا دەبێت.



# تاوس و درەختی بە گوڵ بە جوانترین تەسریحە هەڵبژێردرا

لە یەکێك لە نمایشەکانی تایبەت بە بواری سەیرو سەمەرەی قژ، یان تەسریحە سەیرەکان، بۆ ئەوەی جوانترین و تاکترین تەسریحە یان قژی ئامادە کراو هەڵبژێردرێت بۆ ئەوەی نازناوی جوانترین قژ وەربگرێت، لە وڵاتی بریتانیا بووە وڵاتێك بۆ ئەوەی نمایشی جوانترین قژی لێوە بکرێتەوە.

وەك لەوێنەکاندا دەبینن دوو جۆرە قژ، سەیرترین دوو جۆرە قژ، تەسریحەیەکی شایستە و سەرەنجراکێش، وەك جوانترین دوو تەسریحە هەڵبژێردران لەنێو (١٥٠) جۆرە تەسریحەی جیاواز. ئەوەی یەکەم لە شێوەی (تاوس)ە، ئەوەی دوومیش لە شێوەی درەختێکی بە گوڵە!

## قژ یان کڵاو!



ئەوەی دەیبینن شتێکی سەیرە و تەنانەت جیاوازە لەگەڵ شێوەی هەر کەسێکی دیکە، ئەو کوڕە گەنجە ناوی (مایروز)ە و لە وڵاتی ئەمەریکا دەژییێت، لە ویلایەتی فلۆریدا ژیان بەسەر دەبات، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن سەیرترین قژە. بەهۆی بوونی قژی ئەو گەنجە بە قژێکی نەرم و بە هەر جۆرە تەسریحەیەك دادەهێنرێت. بۆیە بیری کردۆتەوە لە دانانی شتێکی جوان بۆ قژی. بیرۆکە جوانەکەش بریتییە لە، دانانی تەسریحەی قژی وەك (کڵاو)ێك دەربکەوێت، بۆیە بە هۆی سەرتاشێك توانی هیوای ئەو گەنجە بهێنێتە دی و، وەکو دەبینن قژی لە شێوەی کڵاو وایە، ئەمەش کارێکی سەیر و، هەروەها مۆدەی کڵاوێك بۆ جوانی و پاراستن لە تیشکی خۆر !



## بە گەورە و بچووکی نییە!

دروست کردنی کەرەستە بچووك و گەورەکان لە جیهان، وەك کەرەستەیەکی سەیر و جوان دادەنرێت، رەنگە نازناوێکی گەورەشی پێوە تۆمار بکرێت.

ئەوەی دەیبینن بریتییە لە دوو ئامێری مۆبایلی پێچەوانەی یەکتر لە شێوە.

لەلایەن کۆمپانیایەکی دروست کردنی مۆبایل، هەروەها لە ژێر دەست گەنجێکی چینی بەناوی (یانگ موو) توانی گەورەترین و بچووکترین ئامێری مۆبایل دروست بکات.

هەردووکیان کار دەکەن، ئەوەی بچووکەکە سیمکارتی تایبەت و بچووکی هەیە، تەنیا ئەوەیان جیاوازە لەگەڵ مۆبایلە گەورەکە، ئەگینا لە کارکردن وەك هەر مۆبایلێك ئیش دەکەن.





## كێشەی ئافرەتانی شوفێر

ئەوەی دەیبینن كاریكاتێرێكی تایبەتە، لەسەر ئەو گەنج و لاوانەی بەدوای ئەو شوفێرە كچ و ئافرەتانە دەكەون، یان هەندێك بە تایبەت لە دوای شۆفێرە ئافرەتان دەكەون، ئەگەر بە دڵیان بێت بە هۆڕن سڵاویان لێدەكەن، ئەگەریش بە دڵیان نەبێت قسە و توڕەبوونی خۆیانیان ئاراستە دەكەن!

## ئوتۆمبێلێك لە شێوەی دەمی مرۆڤ



ئەوەی دەیبینن دەبێتە یەكێك لە سەیرترین ئوتۆمبێلەكانی جیهان، بە جۆرێك سەیری ئەو ئوتۆمبێلە لە شێوەی مرۆڤ دروست كراوە، وەك لە وێنەكەدا دەبینن شێوەی ئوتۆمبێلەكە لە شێوەی سەری مرۆڤێكە و ژوورەوەی ئوتۆمبێلەكە وەك دەمێكی كراوە وایە، مرۆڤ دەبێ لەناو دەمەكە دانیشێت و ئوتۆمبێلەكە لێبخوڕێت.




## خانمە پورتەقاڵەكان

ئەوەی دەیبینن دیمەنێكی جوانە و گیراوە لە وڵاتی هۆڵەندا، لە وێنە سەیرەكەدا (٣) خانمی جوان دەبینن و هەر یەكە شێوەی خۆیان لە شێوەی پورتەقاڵ نیشان داوە و جلی پورتەقاڵی و، وەك ئەوەی پورتەقاڵێك بن، ئەمەش وەك داكۆكی كردنێك لە پورتەقاڵ بۆ ئەوەی وەك خواردنێكی خۆش و بە بەها نیشان بدرێت. بەمەش دەبن بە جوانترین سێ خانمی پورتەقا.

## بۆ ئاسوودەیت

☺ - پیاوێك جارێكیان گوللەیەكی بەسەری كەوتبوو، مردبوو، خەڵك لێوەی كۆبوونەوە و هەر یەكە خەمی لێوە دەخوات. یەكێك لەولاوە دەڵێت : چاك نەبوو گوللەكە بە چاوی نەكەوت، ئەگینا كوێر دەبوو!

☺ - جارێكیان تاوانبارێك تاوانێكی كردبوو، دادگا بڕیاری لە سێدارەدانی دا، كاتێك بەرەو ژووری لە سێدارەدانیان برد و پەتەكەیان لە مل كرد، كابرای تاوانبار دەڵێت: ڕاوەستن ئەوە چی دەكەن، هەندێك مابوو بخنكێم!



**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بەهۆی ئەو بەرنامە نوێیەی كە ماوەیەكە پەیڕەوی دەكەی دەرفەتێكت بۆ دەڕەخسێت بۆ دروستبوونی پەیوەندییەكی نوێی خۆشەویستی، بەدڵنیاییەوە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە ئاسوودەیی بكەی.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئامادەبوونت لەبۆنەیەكی كۆمەڵایەتیدا دەبێتە هۆی ناسینی كەسێك كە لەداهاتوودا زۆر سوودی بۆت دەبێت. سنورێك بۆ خەرجیەكانت دابنێ و ئەوەندە پارە خەرج مەكە لەبەرئەوەی لەداهاتوودا پەشیمان دەبیتەوە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ماوەیەكە چاوەڕوانی زانینی هەستی كەسی بەرامبەر دەكەی، خەمناك مەبە لەوەی ئەو كەسە هەستی خۆی نادركێنێت، لەماوەیەكی نزیكدا هەستی خۆشەویستی خۆی بۆ تۆ دەردەبڕێت.




**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەست بە دڵتەنگی دەكەی بەهۆی بێ وەفایی یەكێك لەهاوڕێكانت بەڵام دواتر بۆت ڕوون دەبێتەوە كە هاوڕێكەت بەقۆناغێكی سەخت دا تێدەپەڕێت و داوای لێ بوردنت لێ دەكات تۆش لێی ببورە لەبەرئەوەی ئەو كەسە لەداهاتوودا بەهاناتەوە دێت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**


كەسانی خاوەنی ئەم بورجە خاوەنی توانایەكی زۆرن بەڵام نازانن چۆن بەكاری بێنن، پێویستە هەست بەم خاڵە لاوازەی خۆیان بكەن. ئێستا كاتێكی گونجاوە بۆ یەكلا كردنەوەی كێشەكانت لەگەڵ نزیكترین كەست.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەگەر هەست بە نائارامی دەكەی هۆیەكەی ئەوەیە ئەم ماوەیە زۆر سەرقاڵی بە چارەسەركردنی كێشەكانت، پێویستە پێش دەستپێكردنی هەر كارێك بەباشی بیری لێبكەیەوە بۆ ئەوەی سەركەوتن بەدەست بێنیت.

ئا/ هێمن قەسرەیی




### ئاسۆیی:

١- سەرکردەیەکی کوردبوو ٢٧ پاشا و سەرۆکی بەزاند
٢- پاشای ڕەواندوز(پ)- ڕووبارێکی ئەورووپیە.
٣- وایت(ت).
٤- وڵاتێکی ئەمەریکییە.
٥- ............
٦- سروودی نیشتمانی کوردستان.
٧- توخمێکی کیمیاوی(پ)- پایتەختی ئەفریقیە(پ).
٨- وەزارەتێکە- شاعیرێکی کورد بوو(پ).
٩- دارێکە(پ)- ڕۆژنامەیەکی کوردی یە(پ)- دەرمانی چاو(پ).
١٠- پایتەختی ئەورووپیە(پ) وەکو یەك.
١١- بێ دەنگ (پ).
١٢- ڕۆژنامەیەکی کوردی یە(پ).
١٣- خواردنەوەیەکە.
١٤- زیل(ت).
١٥- سەرکردەیەکی کوردبوو.

### ستوونی:

١- وەزیری بەرگری کۆماری مەهاباد- چیایەکی کوردستانە(پ).
٢- دوو پیتی شەر- (پایتەختی وڵاتێکی ئەورووپیە.
٣- بۆ
٤- خواردنی ئاژەڵە(پ)- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە.
٥- نیوەی حەیدەر- بەشێکە لە ئۆتۆمبێل(پ).
٦- پایە(ت)- زەریا.
٧- ئاوێکی کورانە.
٨- پلەیەکی سەربازی تورکی یە- بیابانێکی عەرەبییە(پ).
٩- پاون(ت)- دەم و چاو.
١٠- پێنج پیتی بیابانی.
١١- ناوێکی کورانە.
١٢- ڕێگا(پ)- ئامێرێکی مۆسیقایە.
١٣- پایتەختی وڵاتێکی ئەورووپیە- پیتێکی مۆسیقایە(پ)- کێو.
١٤- دارێکە- شاعیرێکی کوردبوو- دوعا(پ).
١٥- لیستی شەهیدان و ئاوەدان کردنەوە(پ).

***ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی***

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٣) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (دراوێکی جیهانییە و بە بەهایە)
- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکی کوردەوارییە بە مەشکە ئامادەدەکرێت )
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (نەخێر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەسێك نەتوانێت قسە بکات و زمانی نەبێت)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (هەورامان) بوو




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

هەندێ ڕاهێنان بکە بۆ ئەوەی جەستەت بگەڕێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی، ئەوەندە گلەیی لە بەختی خۆت مەکە بە بێ بوونی هیچ هۆیەك. خۆشەویستی دەبێتە هۆی ئەوەی هەست بە بەختەوەری بکەیت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

پێویستە بە زووترین کات هەستی خۆت بە کەسی بەرامبەر بڵێی، هیچ کاتێك بیروڕای خۆت بە سەر هاورێکانت مەسەپێنە بۆ ئەوەی دڵیان لێت نەرەنجێت، هاوڕێیەکت پێویستی بەیارمەتی تۆ هەیە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کارێك مەکە ئەگەر دەزانی لە توانای خۆت دانییە نەوەك ببێتە هۆی ئەوەی دەوروبەرت گومان لەتواناکانت بکەن، دەرفەتێکت دێتە پێش لەماوەیەکی نزیکدا ئەگەر بەرنامەیەکی پێویستی بۆ دابنێی دەستکەوتی گەورە بەدەست دێنیت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ئەم هەفتەیە بەخت دەبێتە هاوڕێت لەزۆربەی بوارەکاندا، داواکاریەکت پێشکەش دەکرێت بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەیەك دا، ئەگەر ئەزانی بەرژەوەندی تۆی تێدایە بەشداری بکە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

لەبواری داراییدا بارودۆخت بەرەو پێشچوونی باش بەخۆیەوە دەبینێت، ئاگاداربە بڕیاری خێرا و چاوەڕواننەکراو نەدەیت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی خراپ بوونی باری داراییت، ئەم هەفتەیە چەند دەستکەوتێکی تایبەتی گرنگ بەدەست دێنیت.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

لەبارێکی دەروونی باش دای، لە ڕۆژانی داهاتوو باشتریش دەبێت. هەستی بڕوا بەخۆبوون و توانای ئەنجامدانی کارەکانت زیاتر دەبێت. لەبواری سۆزداریدا ڕەنگە ناسینی کەسێك ژیانت بباتە قۆناغێکی نوێ.

hemntoni@yahoo.com